کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پێدەچێت نارەزایی گەنجانی رانیە بگاتە خۆپیشاندان

ئەگەرچی حکومەتو حزبەکانو جەماوەری شاری رانیە باش لە پێویستی بوونی سەنتەری گەنجانی رانیە تێگەیشتوونو دەزانن، کە ئەو سەنتەرە ماوەی پێنج ساڵە خزمەت بە شارەکەو تەنانەت شارەکانی دەوروبەریش دەکاتو چەندین گەنجی لە بواری جیاجیادا پێگەیاندووە، بەلاّم بێ بینایی وای کردووە، کە خەریکە گەنجان بێ شوێن دەبن، چونکە ئەو بینایەی تێیدایە گرێبەستەکەی تەواوبووەو حکومەتیش سەرباری بەڵێنەکانی، تا ئێستا هیچی نەکردوە، بینای کۆنی کتێبخانەی گشتی بێ هیچ پاساوێك نادرێتە گەنجانو ئێستا خەریکە سەنتەر بێ شوێن دەکرێت، بۆیە دوای هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا، کە ئێستا دەستی پێ کردووە، ئەگەر کێشەی گەنجان لە رووی دابینکردنی بینایەکی گونجاوەوە، چارەسەر نەکرێت، ئەوا شێوازی تری نارەزایی دەگیرێتە بەر، وەك مانگرتنو دەرکردنی بەیاننامە، لە دواییشدا، ئەگەر هەر وەلاّم بە داواکەیان نەدرێتەوە، ئەوا گەنجان ناچارن خۆپیشاندان بکەن، گروپی ئاوەدانی کە ئەرکی کارکردنە بۆ دابینکردنی بینایەك، لە یەکەم هەوڵیدا لە رۆژی ٢٠٠٧/١/٨ دەستی داوەتە ئیمزا کۆکردنەوە، کە ئەم هەڵمەتە چەند رۆژێك دەخایەنێت، پاشان گروپەکە لە بەرنامەی دایە هەوڵەکان چڕتر بکاتەوە، بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکەی.